**وتارێک سەبارەت بە چالاکییەکانی ناوەندی کولتووری و کۆمەڵایەتی جامی لە مەهاباد**

پێشەکی: ئەگەرچی گشت ئەنجومەن و ڕێکخراوە مەدەنییەکانی جیهان چوارچێوەیەکی تایبەت ڕەچاو دەکەن بەڵام بۆ ئەنجومەنەکانی ناوخۆی ئێران (لە ڕۆژهەڵات) پێویستە هەڵسەنگاندنەکە بە پێی ژیان و پێداویستییە ڕاستەقینەکانی کۆمەڵگەی کوردیی ناوخۆ بە لەبەرچاوگرتنی سنووری یاسایی و سیاسییەکانیان، بێ.

**١- ئەرکی ناوەندگەلێک وەک جامی لە ڕوانگەی منەوە :**

من پێموایە ئەنجومەنەکان **پێنج ئەرکی سەرەکی**ان لە سەر شانە:

**١ .ناسین و دیاریکردنی کێشەکانی ڕاستەقینەی کۆمەڵگە**

پێویستە ئەنجومەن و ڕێکخراوەکان لە خۆیان بپرسن: **کۆمەڵگەی ئێمە ئێستا چی پێداویستییەکی هەیە؟**

بۆ نموونە:

لاوازیی خوێندن و خوێندنەوە؛ کێشەی زمان و کەمتر بەکارهێنانی کوردی؛ کەمبوونی بەشداریی ژنان و گەنجان؛ کەمبوونی چالاکیی خوێندکاری و فکری؛ کێشەکانی ژینگە؛ مادە هۆشبەر و کێشە کۆمەڵایەتییەکان؛ کەمبوونی شوێنی گفتوگۆ و بیرکردنەوەی ئازاد؛ لاوازیی پەیوەندیی نێوان نەوەکان.

**کەواتە دەستپێکەکە دەبێت لە ناسینی کێشەکانەوە بێ، نەک لە بەرنامەوە.**

**٢ .کۆمەڵگا بەشداربکەی لە کارەکەدا**

ئەنجومەن نابێت تەنها بۆ ئەو کەسانە کار بکات کە خۆیان پێشتر چالاکن.

ئەگەر هەموو بەرنامەکان لە دەوری کۆمەڵێک بەردەنگی نەگۆڕ خول بداتەوە، وردە وردە ئەنجومەن لە کۆمەڵگە جیا دەبێتەوە.

**٣ .پاراستن و گەشەپێدانی زمان و کولتوور**

لێرەدا مەبەست تەنها کۆمەڵێک نیشانەی کولتووری وەکوو **گۆرانی و هەڵپەڕکێ و جل و بەرگ و فۆرمی جل و بەرگ و تەنانەت فۆرمی زمان و بۆنەی نەتەوەیی** نییە. ئەنجومەن دەتوانێ سەبارەت بە هەموو ئەوانە بەرهەمی نوێ دروست بکا؛ گفتوگۆی فکری و ڕەخنەگرانە بێنێتە ئاراوە. پێشدا بۆخۆشی لە سەر ئەو باوەڕە بێ **کولتوور ئەگەر تەنها یادەوەریی ڕابردوو بێ، زیندوو/پویا/داینامیک نییە..**

**٤ . بەتواناکردن/ نەک تەنها بەرنامە دانان**

ئەنجومەنێکی باش دەبێت دوای ساڵێک/ساڵانێک بتوانێ وڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە کە **ئێمە چەند کەسمان پەروەردە و تواناتر کردووە؟** نەک ئەوەی شانازی بەوە بکا کە **ئێمە چەند سیمینارمان گرتووە.** بۆ نموونە، ئەگەر لە ساڵێکدا ١٠ کۆڕ بکرێت، بەڵام هیچ کەسێکی نوێ فێری نووسینێکی کوردی، ڕێکخستن، توێژینەوە، وتارنووسین، بەڕێوەبردن یان کاری کۆمەڵایەتی نەکرابێ، کاریگەرییەکە زۆر سنووردارە.

**٥ .دروستکردنی کاریگەریی ڕاستەقینە**

بە بڕوای من ئەوە گرینگترین ئەرکی ئەنجومەنە. درووستە ڕەنگە زۆر گۆڕان دەسبەجێ ڕووی نەدا یان کۆنکریت و بۆ ئەندازە گرتن نەبێ بەڵام هەندێک شتیش هەیە کە دەتوانێ کارامەدی ئەنجومەن بنوێنێ بۆ نموونە پێمان بڵێ: **ئەوە کێشەیەک بوو؛ ئەوەش ئەوەیە کە ئێمە کردمان؛ ئەوەش ئەو گۆڕانەیە کە ڕوویداوە!**

**بۆوەی بزانین ئەنجومەن ئەرکەکانی بەجێ هێناوە یان نا، ئەنجام گرینگە،** نەک **ژمارەی چالاکییەکان.**

**بەشی دووهەم: بەربەستەکان لە بەررێگای ناوەندەکان**

**بەربەستەکان لە ڕۆژهەڵات**

لێرەدا جیاکردنەوەی نێوان دوو جۆر بەربەست زۆر گرنگە:

**١- ئەو بەربەستانەی لە دەرەوەی دەسەڵاتی ئەنجومەنن**

وەک: سنووردارێتی یاسایی و سیاسی؛ نەبوونی ئازادیی تەواو لە دامەزراندن و چالاکی؛ کێشەی بودجە و سەرچاوە؛ دەستگنەیشتن بە هەندێک گرووپ و چینە کۆمەڵایەتییەکان؛ فشاری دەزگایی و سیاسیی.

ئەوانە نابێ لە ئاستی ناوەندەکاندا ڕەخنەیان لێ بگیرێ چونکە زۆرجار **پێکهاتەیین**. بەڵام دەکرێ ناوەند هێندە بەهێز کار بکا کە گوشار بخرێتە سەر سیستەم بۆ گۆڕینی بەزە یاسایەک.

٢- هەندێک بەربەست **لە ناوخۆی خۆی ئەنجومەن/ناوەندەکەیە**

١-٢ نەبوونی ستراتیژی؛ ٢-٢ نەبوونی ئامانجی ڕوون؛ ٣-٢ هەڵنەسەنگاندنی کاری خۆی؛ ٤-٢ هەمان کەسانی هەمیشەیی؛ ٥-٢ ڕانەکێشانی نەوەی نوێ؛ ٦-٢ بەرنامەگەری بەجێی جەخت کردن لە سەر کیشەکان؛ ٧-٢ بەرێوە بردنی بۆنە و کۆڕ بە بێ بەدواداچوونی ئەنجام؛ ٨-٢ بەخۆداهەڵگوتن و ڕاپۆرتی زۆر، بەڵام بەڵگەی کەم بۆ پێشاندانی کاریگەرییەکان؛ ٩-٢ نەبوونی میکانیزمێک بۆ وەرگرتنی ڕای کۆمەڵگە.

**ئەم بەربەستانەی لە سەرەوە هێناومن زۆریان پێکهاتەیی نین و چارەسەر دەکرێن.**

کەوابوو دیسان لە خۆمان بپرسین: **هەرلەو چوارچێوەی کە ئەنجومەن تێیدا کاردەکا، ئایا بە باشترین شێوەی ممکن ئەوەی لە توانایدایە ئەنجام داوە. دیارە ئەنجومەنێک ناتوانێ هەموو کێشەکانی کۆمەڵگە چارەسەر بکات. ئەگەر سنوورگەڵێک هەیە با تێکەڵ نەبێ بە کەمکاریی.**

[من دانە دانە گوێم لە فایلە دەنگییەکان نەگرتووە و جگە لە چەندانەیەکیان ئاگام لە ناوەڕۆکی ئەو وتارانەی پێشکەش کراون نییە. دیارە ئەگەر کاتم هەبا و وام کردبا، لە ڕووی محتوایان داتایەکی زیاتر دەبوو بۆ هەڵسەنگاندن: بۆ پێشنیار و ڕەخنە. چاوێکم بە کاناڵەی دا خشاندووە کە پێموابوو وەک ئاوێنەیەک دەیتوانی کارنامەی ئەم سێ ساڵەی تێیدا ببینین: ویستم بزانم ئایا ئەو بەرنامانە پەتێرنێکی تایبەتیان هەبووە ؟ بۆ مانایە کە بابەتەکان دەچنە ناو چەند مەحوەرێکی دیاریکراو، یان تەنیا کۆمەڵێک کۆڕی جیاوازن کە هەر جارێ بابەتێکیان بۆ پێشکەش کردن هەڵبژاردووە؟]

بۆ نموونە:

بابەتگەلێک چەشنی زمان و ئەدەب- مێژوو و ناسنامە- کۆمەڵگا- ژنان- گەنجان- بیر و فەلسەفە- هونەر- کێشە کۆمەڵایەتییە نوێکان- ژینگە- خوێندن و خوێندنەوە و پەروەردە. ئەگەر ئەو بابەتانە لە چەند مەحوەرێکدا بەردەوام دووبارە ببنەوە، ئەوە دەتوانین بڵێین ئاراستەیەکی بەرنامەیی بوونی هەبووە.

**من لێرەدا هەڵسەنگاندنەکەم تەنیا لەسەر ناونیشانی بابەتەکان و شێوەی دووبارەبوونەوەیان** بە ئەنجام گەیاندووە. دیارە ئەوەندە داتایە زۆر تەواو نییە و بۆ هەڵسەنگاندنی کاریگەریی کۆڕەکان پێویستی بە داتای بەشداربووان، بەدواداچوون و ئەنجامی دوای کۆڕەکان هەیە.

**١ .یەکەم شت کە لە لیستەکەدا بۆ من دەردەکەوێ ئەوەیە کە ئەنجومەن چالاک بووە**
لە ڕووی **ژمارە و بەردەوامی**، ناوەندی جامی چالاکییەکی زۆری هەبووە. بابەتەکانیش تەنها لە ئەدەبیات دا نەماونەتەوە؛ زمانناسی، کۆمەڵناسی، فەلسەفە، ڕەخنە، ژن، منداڵ، ژینگە، مافی شارۆمەندی، جیهانی دیجیتاڵ، ئەخلاق، دەروونناسی، سیاسی و هتد تێدایە.

کەواتە **کێشەکە کەمبوونی چالاکی نییە.** بەڵام پرسیاری سەرەکی ئەوەیە: **ئەم هەموو چالاکییە بۆ کوێ دەڕوات؟**

**٢ .هەروەها لە لیستەکەدا هەندێک «تەوەری بەهێز» هەیە**
من بە شێوەیەکی گشتی بابەتەکانم بەو شێوەی خوارێ دەستەبەندی کردووە :

**ئەدەبیات و ڕەخنە:**
ڕۆمان، شێعر، نالی، بەرهەمی ئازاد، هێمن، بەیتی موکریان، گیلگەمێش، ئەدەبیاتی منداڵان، پۆستمۆدێرنیزم، دەروونناسی ئەدەبی، ڕۆمانتیسیزم، ئەدەبیاتی زارەکی و...

**زمان و زمانناسی:**
زمانناسی بۆ هەمووان، زمانناسی کوردەواری، فەرهەنگنووسی، وشەنامە، زمانی دایکی، زمان و ڕەگەز، زمان و دەسەڵات، زمانناسی ژینگە و...

**کۆمەڵگا و مرۆڤ:**
کۆمەڵناسی دین، ئەخلاق، مافی شارۆمەندی، سترێس، دەروونناسی ڕەخنەگرانە، ژن، جیهانی دیجیتاڵ و منداڵان و...

**مێژووو و کولتوور:**
کەونارناسیی کوردستان، کرۆنیکل و بیرەوەری مێژوویی، ڕەوتە ڕۆشنبیرییەکان، کۆلۆنیالیزم، ڕۆژهەڵاتناسی و...

تا ئێرە خاڵەکان **بەهێزن**.

**٣. بەڵام کێشەی سەرەکی لە «پەیوەندی نێوان بابەتەکان»دایە**
ئەوەی من لەم لیستەدا زۆر بە ڕوونی دەیبینم ئەوەیە کە **کۆڕەکان زۆرن، بەڵام پرۆژەکان کەمتر دیارن.**
بۆ نموونە: کەونارناسیی کوردستان بەشی ١، ٢، ٣، ٥ و کۆتایی هەیە؛ خوێندنەوەی بەرهەمی ئازاد چەندین جار دووبارە بووەتەوە؛ ئەدەبیاتی منداڵان چەندین لایەنی جیاوازی هەیە؛ نالی چەند جار بە شێوەی جیاواز وتاری لە سەر دراوە؛ زمانی کوردی و زمانناسیش چەندین بابەتی بەردەوامیان هەیە. ئەوە دەتوانێت **نیشانەی باش بوون بێ** ئەگەر لە پشت ئەو زنجیرە بابەتانەدا پرۆژەیەکی دیاریکراو ئەنجام درابێ. ئەگەر هەر کۆڕێک تەنیا لە جێی خۆی کۆڕێکی سەربەخۆ بووبێ، زنجیرەکە لە «پرۆژەی زانستی» وە هەر دەگۆڕێتەوە بۆ **دووبارەکردنەوەی چالاکی**.

خاڵێکی تر کە بۆم گرینگ ئاماژەی پێبکەم و ئەوەندەی بۆخۆم ئاگام لێبووە و هەستم کردووە ئەوەیە بەردەنگەکان تەقریبەن نەگۆڕن: ئەگەر لەماوەی سێ ساڵدا هەمان ڕوخسار و هەمان کۆمەڵە کەس بەردەوام دێن و دەڕۆن پرسیارێکی جددی دروست دەبێ: ئایا ناوەندی جامی لەگەڵ کۆمەڵگە پەیوەندی دروست کردووە؟ یان تەنیا لەگەڵ بازنەیەکی تایبەت لە کۆمەڵگە؟
ئەوە یەکێک لە فەکتۆرەکانە و هەمیشەش لایەنی نەرێنی نییە: ئەگەر ناوەندێکی تایبەت بۆ کۆمەڵێک خوێندکار، توێژەر یان ئەدیب دروست کراوە، سروشتییە کە کۆمەڵەکەی کەم و دیاریکراو بێ، بەڵام ئەگەر ناوەند خۆی بانگەشەی کاری کۆمەڵایەتی و کولتووری بۆ گشتی کۆمەڵگە بکا (ئەوجۆرەی جامی دەیکا)، نەبوونی گۆڕان لە کۆمەڵی بەشداربووان لە ماوەی سێ ساڵدا دەتوانێ نیشانەیەکی وشیارکەرەوە بێ.

**بەکورتی: بابەتەکان زۆرن + وتاربێژان جۆراوجۆرن + بەردەنگ هەمان کەسانن**
بەو واتایە کە ناوەندێک هەیە کە **بەرهەمهێنەرە، بەڵام لە گەیاندندا سنووردارە.** زانیاری بەرهەم دەهێنێ، گفتوگۆ دروست دەکا، کەسایەتییە فکرییەکان کۆدەکاتەوە؛ **بەڵام ئەو زانیارییە تا چە ئاستێک دەگاتە ناو کۆمەڵگە؟**
بەڕای من ئەوە سەرەکیترین پرسیاری هەڵسەنگاندنی ناوەندی جامییە.

پێشنیار: من بۆ سێ ساڵی داهاتوودا «کۆڕی زیاتر» پێشنیار ناکەم ئەگەر من بە جێی بەڕێوەبەرانی ناوەند بوومایە، ئامانجم ئەوە نەدەبوو کە لە ساڵی داهاتوودا ٣٠ کۆڕ بگرین بە پێچەوانە **ئەم ٣٠ کۆڕە بکرێ بە ٣ تا ٤ پرۆژەی فکری و کۆمەڵایەتیی دیاریکراو :**

بۆ نموونە:

**پرۆژەی ١: زمان و ناسنامە: لە کۆی بابەتەکانی زمانناسی، فەرهەنگ، زمانی دایکی، زمان و دەسەڵات و...**
**کۆمەڵە وانە- گفتوگۆ- ڕاپۆرت- بەرهەمی** نووسراو- دابین کردنی ماتریالی فێرکاری بۆ گشت چالاکییەکان..

**پرۆژەی ٢: ژن و کۆمەڵگای کوردی: لە بابەتەکانی ژنان، موانع، پێگەی ژن، ژینگە و ژن و... پێویستە پرۆژەی توێژینەوە و کاری مەیدانی بکرێ تا** بزانین: کێشەکە چییە؟ لە کوێیە؟ کێ زیاتر تووشی دەبێ؟ چی دەکرێ؟ ئەنجامەکە چی بوو؟

**پرۆژەی ٣: گەنج و جیهانی دیجیتاڵ:** بابەتەکانی: منداڵ- جیهانی دیجیتاڵ- پەروەردە- فەلسەفە بۆ منداڵ- زمانی دایکی لە یەک پرۆژەدا کۆبکرێنەوە.

**پرۆژەی ٤: ئەدەبیات و بیرەوەریی کوردی**

بەجای ئەوەی تەنہا «خوێندنەوەی بەرهەمی فلان نووسەر» بکرێ، ئارشیفی دیجیتاڵ- گفتوگۆ لەگەڵ نووسەران- دەق ڕەخنەیی- پۆدکاست- بەرهەمی خوێندکاران- ئەرشیفکردنی دەق و دەنگ ئەوانەش هەموو بخرێتە ناو بەرنامەکانەوە.

بە کورتی، هەڵسەنگاندنی من لەسەر ئەم لیستە لە شەشی ژمارە یەک خوارەوە هاتووە:

| هەڵسەنگاندن | بواری هەڵسەنگاندن |
| --- | --- |
| بەهێز | چالاکی و بەردەوامی |
| زۆر باش | جۆراجۆری بابەت |
| بەهێز | بواری زانستی و فکری |
| زۆر بەهێز | گرنگیدان بە زمان و ئەدەبیات |
| هەیە بەڵام کەمترە | گرینگیدان بە کێشە کۆمەڵایەتییەکان |
| هەندێک جار زۆرە بەڵام ماهییەتی پەیوەندییەکە ڕوون نییە | پەیوەندی بابەتەکان بە یەکەوە |
| لیستەکەم تەنیا ناوی کۆڕە بە باشی لێرە مەعلووم نابێ | دیاربوونی ستراتێژیکی گشتی |
| هیچ بەڵگەیەکم لە سەر کاناڵەکە بۆ ئەو بەشە نەدۆزییەوە | گۆڕینی گفتگۆ بۆ پرۆژە |
| پرسیار لە ئەنجومەن: ؟ | فراوانترکردنی بەردەنگ |

| | |
|---|---|
| پێویستی بە لێکۆڵینەوە و بەڵگەی زیاترە چونکە هیچ زانیارییەک لە کاناڵدا نەبوو کە نیشان بدات ئەوە گرینگ بووە بۆ ناوەند | کاریگەری لە دەرەوەی بازنەی خۆی |

**ڕای گشتیم ئەوەیە کە جامی لە «چالاک نەبوون» کێشەی نییە؛ لەوانەیە کێشەکەی ئەوە بێت کە چالاکییەکانی نەبوونەتە "کاریگەری".**

ئەم دوو وشەیە زۆر جیاوازن: **Activity ≠ Impact**

ئەگەر بمهەوێ ئیدیعای خۆم لە سەر کاری جامی بە شێوەی زانستی تر دەربڕم لە شێووازی کۆد کردن کەڵکم گرتووە:

**هەموو ئەم بابەتانەم کۆد کردووە کە** بزانین لەو سێ ساڵەدا چالاکییەکان چەند لەسەدی بۆ ئەدەبیات بووە، چەند بۆ زمان، چەند بۆ کۆمەڵگا، ژن، گەنج، منداڵ، ژینگە، سیاسی و هتد. ئەوسا دەتوانین بە داتا بڵێین **جامی لە ڕووی بەرنامەییەوە بۆ کوێ چووە و چیی لێ ونە.** ئامانج ئەوەیە بزانین لە ماوەی ئەم سێ ساڵەدا ئەنجومەنی جامی **لە چ بوارانێکدا زۆرکارکردووە، لە کام بواراندا کەمتر، و ئایا هێڵێکی ستراتیژیی دیاریکراوی هەیە یان نا.**

١ .کۆدی سەرەکیی بابەتەکان

| نموونە لە لیستەکەدا | بوار | کۆد |
|---|---|---|
| زمانناسی بۆ هەمووان- زمانناسی کودەواری – زمانناسی ژینگە- زمانی دایکی | زمان و زمانناسی | LNG |
| ڕۆمان- نالی – ئازاد- ڕۆمانتیسزم – ئەدەبیاتی منداڵان | ئەدەبیات و خوێندەوەی دەق | LIT |
| پۆست مۆدیرنیزم – باختین- ڕەوانناسی ڕەخنەگرانە - CDA | ڕەخنە و تیۆریی ئەدەبی | CRIT |
| کەونارناسیی کوردستان- کرۆنیکڵ – یادەوەری مێژوویی | مێژوو و کەونارناسی | HIS |
| بەیتی موکریان- بەیتە کوردییەکان- فۆلکلۆر | فۆلکلۆر | FOLK |
| موزیکی کوردی – تئوری موزیک | موزیک و هونەر | MUS |
| کۆمەڵناسی کلاسیک – کۆمەڵناسی و دین – ئەخلاق – کۆمەڵگا | کۆمەڵناسی | SOC |

| | | |
|---|---|---|
| فەلسەفەی ئاماژەناسی – فەلسەفەی زانست | فەلسەفە | PHIL |
| ڕوانناسی منداڵان- سترێس- ڕەوانناسی پۆستمۆدێرن | دەروونناسی | PSY |
| نووسینی ژنانە- پێگەی ژن- چالاکی ژنان - ئێکۆفمینیزم | ڕەگەز و ژنان | GEN |
| مافی شارۆمەندی – ئەخلاق – بنەماڵە | کۆمەڵگا – شارۆمەندی | CIV |
| ئەمری سیاسی- سایەی کۆلۆنیالیزم | سیاسی | POL |
| زمانناسی ژینگە – پاراستنی ژینگە | ژینگە | ENV |
| بنەماڵە- دیجیتال- منداڵ و جیهانی دیجیتاڵ | جیهانی دیجیتال | DIG |
| فێر بون و فێر کردنی زمانی دایکی – خولی فێرکاری زمان | فێرکاری | EDU |
| ئەدەبیات- فەلسەفە – فێرکاری | منداڵ | CHILD |
| کوردستان- موکریان- ڕەهەند- کوردی ئەرمەنستان | مێژوو و ناسنامەی کوردی | KUR+HIST |
| دیداری سەردەشت - سەقز | پەیوەندی و چالاکی کۆمەڵایەتی | COMM |
| ساڵیادی دامەزراندن | ناساندنی خۆدی ئەنجومەن | ORG |

کۆدی دووەم: شێوازی کار

**جەدوەلی سەرەوە تەنیا پێشانمان دەدا کە چ بابەت گەلێک پێشکەش راون بەڵام ئەوەش گرینگە کە بزانین شێوەی پێشکەش کردنەکان چۆن بووە؟ وا تێگەیشتم کە زۆربەی بابەتەکان بە شێوازی سوخنڕانی بوون نەک دیالۆگی. بەڵام شێوازەکانی تری کۆبوونەوەش دەبینرێ:**

**LECT =** وانەوتار/سوخەنرانی

**PANEL =** مێزگرد

**TEXT =** خوێندنەوە و لێکدانەوەی دەق

**DISC =** گفتوگۆ و بەحث

**MEET =** دیدار لەگەڵ ئەنجومەن/شارێکی تر

**MEM =** یادکردنەوە و بەرزکردنەوەی یادەوەری

**TRAIN =** فێرکاری و خوێندن

**MEMBER =** بەرهەمی ئەندامان

**SERIES =** زنجیرەیەکی بەردەوام

**OUTREACH =** چوونە دەرەوەی بازنەی خۆی و پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵگا

**٣ .کۆدی سێیەم: لێرەدا ویستوومە وڵامی ئەو پرسیارە بدەمەوە کە ئاخۆ بابەتەکان «کێشەتەوەر»ن؟**

**A.زانستی/معرفی:** ناساندنی زماننامی، فەلسەفە، ڕۆمان، نالی، کۆنارناسی...

**B.ڕەخنەیی:** CDA، ڕەخنەی کۆمەڵایەتی، کۆلۆنیالیزم، پرستیژی زمان و دەسەڵات...

**C.کێشەمحور:** چالاکی ژنان و لەمپەرەکانیان، مافی شارۆمەندی، ژینگە، زمانی دایکی...

**D.چارەسەر/بەرهەمهێنان:** بابەتێک نەک تەنها بۆ گفتوگۆ، بەڵکو بۆ گەیشتن بە پێشنیار، ڕێنمایی، پرۆژە یان کارێکی دواتر.

لە لیستەکەدا **A زۆر بەهێزە، B هەیە، C هەیە بەڵام کەمترە، D زۆر لاوازە**.

**٤ .کۆدی چوارەم: بەردەنگ: ئەمەش پێویستە جیا بکەینەوە:**

**AUD-CORE =** هەمان کۆمەڵە کەسی ناسراو و هەموو جارەکان

**AUD-NEW =** بەردەنگی نوێ

**AUD-YOUTH =** گەنجان

**AUD-WOMEN =** ژنان

**AUD-STUDENT =** خوێندکاران

**AUD-PROF =** مامۆستا/زانکۆ/شارەزایان

**AUD-GENERAL =** کۆمەڵگای گشتی

**AUD-DIGITAL =** بەردەنگی ئۆنلاین و فراوان

من به پێی مشاهدەی کەسیی کوتومە **بەردەنگەکان تەقریبەن ثابتن**، ئەمە خۆی دەبێتە کۆدێکی جیاواز
**بازنەی بەردەنگی نەگۆڕ = AUD-STATIC**

**٥ .ئەگەر ئەم لیستە بە شێوەی ڕەخنەیی بخوێنینەوە**
تێدەگەین **بابەتەکان خراپ نین** .بە پێچەوانەوە، زۆربەی بابەتەکان زانستی، ڕۆشنبیری و جیدین.
کێشەی هەڵسەنگاندەکە ئەوەیە **لیستەکەی سەرکاناڵ تەنیا داتای بەردەستی من بوو وزیاتر«لیستی چالاکییەکان»ە تا «بەرنامەیەکی ستراتیژیک. بەڵام پێموایە ئەگەرجودا لەوانە شتێکی تر ڕووی دابا دەبوو لیست کرێ لە کاناڵەکەدا کە ویترین و ئاوێنەی چالاکییەکانی ناوەندە.**
چەندین جاران وانە دووپات بۆتەوە، خوێندنەوەی بەرهەمی ئازاد و پەنێل و یادەوەری و دیدار و .... بەڵام بە ئاشکرا نایبینین کە باسی **کێشە و ئامانج یان گروپی ئامانج و چالاکی لە مەرکێشەکە و بەرهەمێک لەوپەیوەندییەدا و هەڵسەنگاندنی کاریگەرییەکان کرابێ.**
ئەم جیاوازییە زۆر گرنگە. بۆ نموونە:چالاکیی ژنان و لەمپەرەکانی، بابەتێکی باش بوو کە بەڕێوە چوو بەڵام بۆ ئەنجومەنێکی کۆمەڵایەتی دەبێ گرینگ بێ دوای ئەم کۆبوونەوەیە چی ڕوویدا؟ ئاخۆ ژمارەیەک ژن دەستیان کرد بە بەشداری؟
گروپی کاری ژنان دروست کرا؟ توێژینەوەیەک کرا؟ ڕاپۆرتێک بڵاوکرایەوە؟ کۆمەڵێک پێشنیار ئامادە کرا؟ لەگەڵ دامەزراوەیەکی تر هاوکاری کرا؟
ئەگەر هیچ کامیان نەکرابێ ئەوە دەگەیەنێ کە **بابەتەکە کێشەتەوەربووە، بەڵام چارەسازی کێشە نەبووە.**

**٦ .گرنگترین دەرئەنجامی کۆدکردن**
ئەگەر من بەم لیستە قناعەت بکەم، دەڵێم جامی لە **بەرهەمهێنانی بابەتی ڕۆشنبیری**دا چالاکە، بەڵام لە **دروستکردنی کاریگەریی کۆمەڵایەتی**دا هێشتا بەڵگەی پێویست نەخراوەتە سەر کاناڵ.

**بەتایبەتی سێ کێشەی سەرەکی بۆ من دەردەکەون:**
١ .دووبارەبوونەوەی شێوازی چالاکی: زۆربەی کارەکان لە چوارچێوەی وانەوتار و خوێندنەوەی دەق دان.
٢ .کەمبوونی پرۆژەی درێژخایەن: زۆر بابەتی زنجیرەیی هەن، بەڵام کەمتر دەبینین کە بابەتێک بگۆڕدرێ بۆ **پرۆژەیەکی کۆمەڵایەتی یان زانستیی بەردەوام**.
٣ .بازنەی بەردەنگ: ئەگەر بەڕاستی هەمان چەند ڕوخساری تایبەت هەموو جارێ دووپات بنەوە ئەنجومەنەکە لە مەترسیی ئەوەدایە ببێتە **کۆمەڵێکی ڕۆشنبیریی خۆ-بەرهەمهێنەر، نە دامەزراوەیەکی ڕۆشنبیریی کۆمەڵگە-بەرهەمهێنەر** ئەمە بە نظرم دەکرێ **ناوەندیترین خاڵی ڕەخنەکە** بێ.
لە کۆتاییدا پرسیاری زۆر سەرەکی لە بەڕێوەبەرانی ناوەند ئەوەیە: ئاخۆ ناوەند خۆی توانیوێتی ببێ بە نموونەیەک لە کۆمەڵگایەی بەئاواتە درووستی بکات؟ لە بارەی بەرابەری ژن و پیاو لە تیمی ناوەندا- سەبارەت بە دێمۆکراسی لە ناوەندا - گەشەی بیری رەخنەگرانە لە ناوەندا – جۆراجۆری کولتوور یان تەنیا ڕەوایەتێک لە کوردبوون و هەر بابەتێکی تر کە خۆیان پێیان درووستە؟